## چ مەشخەڵی بیرێك کوژایەوە
## چ دڵێکی گەورە لەلێدان کەوت!

ـ نکراسۆف ـ

لەیادی مەرگی مارکسدا ئەنجلس هاورێو یاوەری مارکسو گەورەترین رابەری چینی کرێکاری جیهان، لەسەر مەزاری مارکس لە(هایگێت)ی لەندەن لە ١٧ی مارسی ١٨٨٣دا ووتەیەکی پێشکەش بەئامادەبووان کرد. ئەو ووتەیە بەشێوەیەکی کورتو پووخت ژیانو کارو بەشداری مارکس لەمێژووی زانستو خەباتی چینی کرێکارو مرۆڤایەتیدا دەخاتە ڕوو. دەقی ئەم ووتەیەم لەزمانی عەرەبیەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوەو لەیادی ١١٨ ساڵەی مەرگی مارکسدا لەپەیامی کۆمۆنیزمی ژمارە (٢٨)دا بڵاوکرایەوە.

ـــــ نزار عبدالله ــــــــــ

★ ★ ★

## ناوی ئەو و کاری ئەو لەسەدەکان تێ پەڕ دەبێ! [*1]

دوانیوەڕۆی ١٤ی مارس لەسەعات ٣ چارەکێك کەمدا مێشکی مەزنترین ڕووناکبیری هاوچەرخی ئەمڕۆ لەبیرکردنەوە راوەستا. تەنها بۆ ماوەی دوو دەقیقە بەجێهێڵرا بوو، کاتێك چووینە ژوورەوە بینیمان لەسەر کورسیەکەی بەهێمنی خەوێکی قووڵی یەکجاری لێ کەوتووە.

مەرگی ئەم پیاوە بۆ پرۆلیتاریای خەباتگێڕ لەئەوروپاو ئەمریکادا، بۆ زانستی مێژوو، خەسارەتێکی کەم وێنەیە، هەر بەم زووانە ئەو بۆشاییە دەردەکەوێ کە ئەم بلیمەتە لەدوای خۆی بەجێی دەهێڵێ.

هەر وەکو چۆن داروین یاسای گەشەکردنی جیهانی ئۆرگانیکی دۆزیەوە، ئاواش مارکس یاسای گەشەی مێژووی مرۆڤایەتی دۆزیەوە:

ئەو یاسایەی لەو واقعیەتە سادەیەوە دەست پێدەکا، کە تا ئەم دواییانەش بەئایدۆلۆژیا داپۆشرابوو، کە ئینسانەکان پێش هەموو شتێك دەبێ بخۆنو بخۆنەوەو پۆشاكو شوێنی نیشتەجێبوونیان هەبێ پێش ئەوەی بتوانن بیر لەسیاسەتو زانستو هونەرو دینو ...تاد بکەنەوە؛ وە هەروەها بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆی بەروبوومە مادیەکانی ژیان لەهەر قۆناغێکی گەشەکردندا، لەمەیدانی ئابووریدا، بناغەیەکن کەدامو دەزگاکانی دەوڵەتو بیروبۆچوونە حقوقیەکان، هونەرو تەنانەت لێکدانەوە دینیەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو لەسەریان بنیات دەنرێ، وە پێویستە بەو شێوەیە لێك بدرێنەوە، نەك بەپێچەوانەوە وەکو تا ئێستا باو بووە.

بەڵام ئەمە هەموو شتێك نییە. مارکس هەروەها یاسای تایبەت بە جووڵانەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هاوچەرخو کۆمەڵی بۆرژوازی کە ئەو شێوە بەرهەمهێنانەی پێك هێناوە، دۆزیەوە. دوای دۆزینەوەی زێدەبایی لەم مەیدانەدا هەموو شتێك ڕوون بووە، لەکاتێکدا کە باسەکانی رابووردوو کە ئابووریناسە بۆرژواکانو ڕەخنەگرە سۆسیالیستەکانیش بڵاویان کردبۆوە هەر لەتاریکیدا مابۆوە.

ئەم دوو دۆزینەوەیە بەسە بۆ ژیانی کەسێك، بەڵکو ئەو کەسە زۆر خۆش بەختە کە سەرکەوتووبێو بتوانێت تەنها یەکێك لەم دووانەی دۆزیبێتەوە. بەڵام مارکس لەهەر مەیدانێکدا کە لێکۆڵینەوەی تێداکرابێ دۆزینەوەی تایبەتی هەبووە_ تەنانەت لەمەیدانی ماتماتیکدا_ ئەو مەیدانانە گەلێك زۆرنو هیچ کات ئەو ڕووکەشانە گرنگی پێنەدەدانو نەدەچووە ناویانەوە.

ئاوابوو ئەم پیاوی زانستو زانست دۆستە. بەڵام ئەم سیفەتە تەنها سیفەتی سەرەکی ئەو نەبوو، لەڕوانگەی مارکسەوە زانست هێزێکی شۆڕشگێڕەو جوڵانەوەیەکی مێژوویيانەی هەیە. هەرچەند ئەو لەگەڵ هەر دۆزینەوەیەکی نوێدا لەهەر زانستێکی نەزەریدا کە تەنانەت هەندێك جار نەدەکرا بەشێوەیەکی عەمەلی تاقیبکرێتەوە، دڵی پڕدەبوو لەخۆشی، بەڵام دڵخۆش بوونی زۆر جیاواز بوو کاتێك دۆزینەوە زانستییەکە بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری شۆڕشگێڕانەی لەسەر پیشەسازیو لەسەر گەشەکردنی مێژوویی بەشێوەیەکی گشتی دادەنا، بۆ نمونە ئەو زۆر بەووردی گەشەی دۆزینەوەکانی لەبواری کارەبادا، وە هەروەها ئەم دواییانەش دۆزینەوەکانی مارسیل دوبرێی، چاودێری دەکرد.

مارکس پێش هەموو شتێك شۆڕشگێڕ بوو، بەشداریکردنی بەشێوەی جۆراوجۆر دژ بە کۆمەڵی سەرمایەداریو دامو دەزگاکانی دەوڵەت کەپێکیهێنابوو، بەشداری لەمەسەلەی ڕزگاری پرۆلیتاریای هاوچەرخدا کە ئەو خودی خۆی یەکەم کەس بوو هەوڵی دا جێگەو شوێنی تایبەتیو داخوازییەکانیو هەلومەرجی ڕزگاربوونی خۆی بناسێ، ... ئەمە بەفعلی پەیامی ئەوبوو لەژیاندا.

ئەو لەخەبات کردندا زۆر شێلگیر بوو، بەحەماسو ڕاوەستاویو سەرکەوتنێکی واوە تێدەکۆشاو خەباتی دەکرد کەم کەس هەبوو وەکو ئەو بێ.

"ڕۆژنامەی رینان" ی یەکەم(Rheinische zeitung ) لەساڵی ١٨٤٢داو "فۆرفارتس"ی (vorwosts) پاریسی لە ساڵی ١٨٤٤و "ساڵانەی ئەڵمانی _ بەلجیکی" ( (Deutsche-Brusseler- zeitung لەساڵی ١٨٤٧و "رۆژنامەی رینانی نوێ" (Neu Rheinishe Zeitung لە ١٨٤٨و ١٨٤٩داو نیۆرك دەیلی تریبیۆن(newyork daily tribune) ١٨٥٢-١٨٦١،[٢*] و زۆر نامیلکەی خەباتکارانەی تر، کارکردن لەرێکخراوەکانی پاریسو برۆکسلو لەندەن، تادەگات بەبنیات نانی ئەنتەرناسیونالی یەکەم، ئەمانە هەمووی کارێکن کە هەرکەس کردبێتی حەقێتی شانازی پێوەبکا، تەنانەت ئەگەر هیچ کارێکی تری نەکردبێ.

لەبەرئەوە مارکس ئەو پیاوەبوو کە هیچ کەس وەك ئەو دوژمنی نەبوو، کەس وەك ئەو تۆمەتو درۆی بۆ هەڵنەبەسترا. حکومەتەکان، هەم ئیستبدادییەکانو هەم کۆماری یەکان، نەفیان کردو دووریان خستەوە .. بۆرژواکان ــ هەم خۆپارێزەکانیانو هەم دیموکراتە توندڕەوەکانیان ـ لەنێو خۆیاندا پێشبڕکێیان بوو تا نەفرەتی لێبکەنو شتی هەڵبەستراوی بەسەردا ببارێنن.

بەڵام ئەو هەموو ئەوانەی لەسەر ڕێگای خۆی وەکو لابردنی تەناڤ جاڵجاڵۆکە پاککردەوەو تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێ وەڵامی نەدایەوە. بۆیە بەڕێزەوە مرد، بەخۆشەویستییەوە گیانی لەدەستدا، بە ملیۆنەها لەهاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی لەفکرو لەخەباتداو لەهەموو ئەوروپاو ئەمریکادا، لەکانە خەڵووزەکانی سیبریاوە تا کالیفۆرنیا بۆی دەگرین، دەتوانم بەجورئەتەوە بڵێم؛ ئەو لەژیانیدا دوژمنی زۆری هەبوو بەڵام تەواو جێگەی گومانە کە لانی کەم یەك کەس دوژمنی شەخسی ئەو بووبێ.

ناوی ئەوو کاری ئەو لەسەدەکان تێپەڕدەبێ!

---

**پەراوێزەکان:**

١ـ ئەنگلس ئەم ووتارەی لەگۆڕستانی هایگیت بەزمانی ئینگلیزی لەسەرمەزاری مارکس خوێندەوەو بۆ یەکەمجاریش بەزمانی ئەڵمانی لەرۆژنامەی سۆسیال _ دیموکراتدا ژمارە ١٣ لە٢٢ی مارسی هەمان ساڵدا واتە لە١٨٨٣ دا بڵاوکرایەوە.

٢/ * "ڕۆژنامەی رینان" ی یەکەم (Rheinische zeitung): رۆژنامەی رینان بۆکاروباری سیاسیو بازرگانیو پیشەسازی" رۆژنامەیەکی ڕۆژانەبوو، لەکانوونی دووەمی١٨٤٢ تا ٣١ی ئازاری ١٨٤٣ی خایاند، لەنیسانی ١٨٤٢دا مارکس لەو رۆژنامەیەدا کاریکردووەو لەتشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا بووە بەسەرنوسەرەکەی.

* "بۆپێشەوە: فۆرفارتس"(vorwosts): رۆژنامەیەکی ئەڵمانی بوو، لەپاریس لەکانوونی دووەمەوە تا کانوونی یەکەمی ١٨٤٤ دووجار لەهەفتەیەکدا دەردەچوو، مارکسو ئەنگلس لەدەرچوونیدا هاوکاریبوونو سپانسۆری بوون.

* رۆژنامەی ئەڵمانی - برۆکسلی Deutsche-Brusseler- zeitung): لەبرۆکسل لەلایەن ئەڵمانییەکانی نیشتەجێی ئەو شارەوە دامەزرا. لەکانوونی دووەمی ١٨٤٧ تا ١٨٤٨ ی خایاند لەسەرەتای ئەیلولی (١٨٤٧)ەوە مارکسو ئەنگلس هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەم رۆژنامەیەیان کردو بەکردەوە بوو بە زمانحاڵی(کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان)..

*/((رۆژنامەی رینانی نوێ)) زمان حاڵی دیموکراسی((NEW RHEINISCHE, ZETUNG ORGAN DER DEMOCRATIE)) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەبوو لەیەکی حوزەیرانی ١٨٤٨، بەسەرنوسەری مارکس، تا ١٩ی ئایاری ١٨٤٩ی خایاند.

* رۆژنامەی نیۆرك دەیلی تریبیۆن (NEWYORK DAILY TRIBUNE) رۆژنامەیەکی بۆرژوازیو پێشکەوتنخوازبوو لەساڵی ١٨٤١ تا ساڵی ١٩٢٤ لەنیۆرك دەرچووە، لەئابی (١٨٥١)ەوە تا (١٨٦٢) مارکسو ئەنگلس هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەم رۆژنامەیەیان کردووە.